بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 18. May. 2017 No: (5272)

ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر
کارگێڕی: 07504514857 دهۆک: 07504688380 - 07504456553 کەرکووک: 07702196361 سلێمانی: 07501124578 زاخۆ: 07504503475 سۆران: 07504744231

### (نما)ی روح سوک و قسەخۆش بۆ «خەبات»:

# دەبێت منداڵ هاوار و دەنگێکی هەبێت بۆ ئەوەی بزانن کە منداڵ قوربانی یەکەمە و کەس باسیان ناکات

## حەزدەکات بەشداری فیلمێکی سینەمایی بکات

### هەمو لایەنەکان (نما) یان خۆشدەوێت کەس گوشاری نەخستۆتەسەری



**دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین**

نما ، منداڵێکی خۆشەویستە لە ماڵەوە و هەموومان زۆر خۆشماندەوێت ، دووخوشکی لە خۆی گەورەتر هەیە. زۆر حەزی لە وانە وتنەوەیە وحەزی بەکاری نواندنە ، زۆرحەز بە وێنەکێشان دەکات ، باڵندە و کەروێشک و پشیلەی خۆشدەوێت ،حەزی لە برنج و شلەی کولەکە و ئەندۆمی و شیرە چاوەڕێمان نەدەکرد بەو شێوە بناسرێت ، ئەمانە وتەی هونەرمەند (نەریمان سابیر) ی باوکی کچە خنجیلانە تەمەن شەش ساڵانەکەیە کەهەموومان لەرێگای ڤیدۆخۆش وسەرنجڕاکێش وتەنزئامێزەکانی ئەیناسین،ئەم پرسیارانەمان ئاڕاستەی (نما ) خان کردو ئەم وەڵامانەمان دەستکەوت:

خەبات : نما خان حەز دەکات لە تەمەنی خۆی بچووکتر بێت یان گەورەتر ؟

باوکی نماخان : زۆر حەزدەکات گەورەبێت بێگومان هەموو منالێک حەزدەکات گەورەبێت .

خەبات : لەبەرچی نما خان بەزمانی لە خۆی گەورەتر قسە دەکات و بەبیر کردنەوەی لە خۆی گەورەتر فکر دەکاتەوە ؟

باوکی نماخان : لەبەر ئەوەی لە کوردستان هیچ شتێک بۆ منالّ نییە ، تەنانەت منالّ مافی گریان و قسەکردنیشی نییە منالّی کورد تەنها بە لێدان وەڵام دەدرێنەوە ،نما دەزانێت دەبێت منداڵ هاوار و دەنگێکی هەبێت بۆ ئەوەی بزانن کە منداڵ قوربانی یەکەمە لەم هەرێمە و کەس باسیان ناکات .

خەبات : ئەو بیرۆکانەی باوکی نما خۆی یان هاوڕێکانی بۆی دادەڕێژن ، نما خان لێیان حاڵی دەبێ یان هەر تەمسیلی دەکات؟

باوکی نماخان : بێگومان بیرۆکەکان هی باوک و دایک و ئێستاش بەشێک لەفانەکانی فەیسبووکە ، زۆرێک لەو قسانەی (نما ) دەیکات لێیان حاڵی دەبێت و ئەوەش کەحاڵی نابێت پرسیاریان دەکات .

خەبات : نما خان ئەکتەرێکی باشە یان بیرکەرەوەیەکی باشە؟

باوکی نماخان : هەردووکیان هەم ئەکتەرێکی باشە هەم بیرکەرەوەیەکی باشە

خەبات : نما حەز بەو کارە دەکات کە دەیکات ؟

باوکی نماخان : بە دڵنیاییەوە زۆر حەز بە کارەکەی دەکات و وەک یاری و کەیف خۆشی چێژی لێوەردەگرێت .

خەبات : نما خان خەون بەچییەوە دەبینێ ؟ چ خەونێکی هاتۆتە دی ؟

باوکی نماخان : حەزدەکات ببێت بە مامۆستا ، حەزدەکات بەشداری فیلمێکی سینەمایی بکات ، حەزدەکات ژوورێکی تایبەت بەخۆی هەبێت ، جارێ هیچ لە خەونەکانی نەهاتوونەتە دی .

خەبات : نما بەچی ئاسوودە دەبێت و خەون بەچییەوە دەبینێ ؟

باوکی نماخان : ئەو کاتانەی کە هاوکاری یەکێک دەکات زۆر ئارەزووی کۆمەکردنی منداڵە ئاوارە و هەژارەکان دەکات

خەبات : وەکو باوکێک نمای پێش ئەم رووداوانە و نمای دوای ئەم رووداوانە چۆن دەبینی واتە دوای ئەوەی بووە بە پاڵەوان و لە کاتی منداڵی پێش پاڵەوان بوونی ؟

باوکی نماخان : دڵخۆشم ، بەڵام ئەمە شتێکی لە ژیانمان و هەڵسوکەوتمان نەگۆڕیوە هەم نما و هەم خێزانەکەی ژیانێکی ئاسایی وەک رۆژانی رابردوومان هەیە .

خەبات : هیچ جۆرە گوشارێکتان لەلایەنێکی دیاریکراوەوە کراوەتە سەر ؟

باوکی نماخان : نەخێر بێجگە لەدەستخۆشی و پشتگیری بەردەوامبوون ،گوشارمان لەسەر نەبووە .

خەبات : ئێستا نما لە ناو هاوڕێیەکانی چۆن تەماشا دەکرێ و ئەو بۆ خۆی چۆن تەماشای هاو تەمەنەکانی خۆی دەکات ؟

باوکی نماخان: زۆر زۆر تەبیعی سەیری یەکتر دەکەن و وەک جاران یاری دەکەن و شەڕدەکەن و دەگرین و پێدەکەنن.

خەبات : نما خان تاکەی لەم رۆڵی ئەکتەر بوونە بەردەوام دەبێت ؟

باوکی نماخان : بەردەوام دەبێت تا خۆی ئارەزووی لێبێت .

خەبات : نماخان و بنەماڵەکەی چی لایەنێکن وکار بوکێ دەکەن ؟

باوکی نماخان : باوکی نما سۆسیالیستە و دایکی بێلایەنە و ( نما )ش نازانێ حزب چییە

خەبات : لەدوای بڵاو بوونەوەی گرتەکەی ئاشتی هەورامی کە دەنگی زۆر دایەوە دوای ئەوەش حاجی کاروان هیچ کاردانەوەیەکیان نەبوو ؟

باوکی نماخان : سەبارەت بە ڤیدیۆ لەسەر ئاشتی هەورامی و حاجی کاروان ئاسایی بووە لایان و (نما ) خۆی بە پەیوەندی تەلەفۆنی قسەی لەگەڵ دکتۆر ئاشتی هەورامی کردووە.

خەبات : بە نیاز نیت لەسەر سەرکردەکان شت بکەیت؟

باوکی نماخان : سەبارەت بە ڤیدیۆکردن لەسەر سەرکردەکان جگەلە بەرپرسانی حکومی و پەرلەمان (نما ) ڤیدیۆ لەسەر هیچ سەرکردەیەکی سیاسی و حزبی ناکات.





### نما حەزدەکات ژوورێکی خۆی هەبێت

---

# لەبارەی چەند مەسەلەیەک و دروشمی خەباتەوە

**دڵشاد مستەفا وەسانی**

هەموو ساڵێک کە یادی دەرچوونی خەبات دەکرێتەوە، هەندێ لەو میوانانەی بەو بۆنەیەوە سەردانمان دەکەن، زۆر پرسیار دەربارەی رۆژنامەی خەبات دەکەن، جگە لە میوانانی یادەکە، بەردەوام قوتابیانی بەشی راگەیاندنی زانکۆ و پەیمانگە سەردانمان دەکەن، ئەوانیش دەیان پرسیاریان هەیە، دیارە هەموو ئەو پرسیارانە پێویستیان بە وەڵامە.

خەبات دوای (کوردستان) ی یەکەم رۆژنامە، بەتەمەنترین رۆژنامەیە کە تا ئێستاش بەردەوامە و بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، یەکەم ژمارە لە 4/4/1959 لە بەغدا بە کوردی دەرچووە، دوای چەند ژمارەیەک بەکوردی، بە عەرەبی دەرچووە، دواتر لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشی ئەیلوول و دوای 1975یش سەردەمی شۆڕشی گوڵان لە شاخ بەردەوام بووە، دوای راپەڕینی 1991 جارێکی دی هاتۆتەوە مەیدان بە عەرەبی و کوردی و تا دواجار دوای 2003 بە کوردی دەرچووە.

برایەتی کە رۆژنامەیەکی رۆژانە بوو، دواژمارەی 3981ی بوو لەرۆژی 1/5/2003 دەرچوو، رۆژی 10/5/2003 ژمارە 3982بە زمانی عەرەبی بەناوی (التاخی) لە بەغدا دەرچوو، دوا ژمارەی خەباتیش کە وەک زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان هەفتانە بە عەرەبی دەردەچوو ژمارە 1127بوو لە رۆژی پێنج شەممە 1/5/2003دەرچوو، رۆژی شەممە 3/5/2003 خەبات بووە رۆژانە و بە زمانی کوردی دەرچوو و بە ژمارە 1128 دەستی پێکرد، ئەمە جۆرێک لە ئاڵۆزیی لە مێژووی رۆژنامەکە دروست کردووە، برای بەڕێز عەبدوڵڵا زەنگەنە کە بە پەرۆشەوە خەریکی لێکۆڵینەوەیە لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی، بۆ لێکۆڵینەوە لە خەبات سەردانی رۆژنامەی کرد و پێکەوە قسەمان لەو بابەتە کرد، هیوادارم لەوبارەیەوە بگاتە ئەنجامێک، لێکۆڵینەوەیەک پێشکەش کتێبخانەی کوردی بکات.

بەهەمان شێوە، پرسیاری زۆر لەبارەی دروشمی خەبات دەکرێت، زۆرجار پرسیارکراوە، کێ لە ئێوەی ستافی رۆژنامە خاوەنی ئەو دروشمەیە یان بەشێوەیەکی مەرکەزی بۆتان هاتووە و داتاناوە؟ ئەو پرسیارە رووبەڕووی منیش کراوەتەوە تۆ داتناوە؟ بۆیە بە پێویستمزانی لەبارەی دروشمەکە و هەندێ لە وێستگەکانی خەبات ئەم روونکردنەوەیە بنووسم، بە پێویستی دەزانم کە لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەم رۆژنامەیە بکرێت، هەموو ئەو بابەتانە و زۆر مەسەلەی دی، لە رێی دواندنی ئەو ئازیز و بەڕێزانەی سەرنووسەر بوون و کاریان کردووە ساغبکرێنەوە.

راستی ئەوکاتەی دروشمی خەبات داندرا، سەردەمی سەرنووسەری پێشووی خەبات بەڕێز کاک نەژاد عەزیز سورمێ بوو، هەر خۆیشی دروشمی (تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە)ی داناوە، ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداری دانانی دروشمەکەن، هەردوو سکرتێری نووسین برای بەڕێز مامۆستا کەریم قادر و نووسەری ئەم چەند دێرە و برای بەڕێز کاک شکار نەقشبەندی کە بەڕێوەبەری هونەریی خەباتە، دروشمەکە بۆ یەکەم جار لە ژمارە 2645 رۆژی دووشەممە 15/10/2007 لەلایەن کاک شکارەوە لەتەک لۆگۆی خەبات داندرا، بۆیە خەبات بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی دووردرێژە.

---

# نەریمان بابان داوا دەکات چیتر بێدەنگ نەبێت



**ئاری**

هونەرمەندی گۆرانیبێژ نەریمان بابان دوای دابرانی بۆماوەیەکی زۆر نوێترین بەرهەمی خۆی ئاشکرا دەکات.

لەئێستادا بە هاوکاری چەند هونەرمەندێکی هاوڕێم سەرقاڵی تۆمارکردنی بەرهەمێکی هونەری نوێم کە کلیپێکی گۆانییە بەناوی بێدەنگ بە،ئەم بەرهەمە ئاواز و تێکستی هی نەریمان بابان خۆیەتی، هونەرمەند سەرباز جەمال کاری مۆنتاژی دەنگی بۆ کردووە و تۆماری دەنگی لەلایەن هونەرمەند سامان مستەفا بۆ کراوە. هەروەها هەریەکە لە هونەرمەند شڤان کابان، ئاری عەباس و میران میرانی وەک میوزیک ژەن هاوکاری ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە نوێیە بوون.

ئەم بەرهەمە نوێیەی تراکێکە لە ئەلبومێکی نوێی کە بەهۆی دۆخی ئێستای کوردستانەوە بڵاوکردنەوەی دواخستووە، بڕیاری داوە لەم کاتەدا وەک بەرهەمێکی نوێ کاری هونەری بۆ ئەو تراکە بکات. بەرهەمەکە باس لە مرۆڤی لێبوردە دەکات کە بڕیار وایە وێنەگرتنی لە هەردوو وڵاتی ئەڵمانیا و سوید بۆ ئەنجامبدرێت.

---




# پورتوگال بوو بە براوەی یەکەمی پێشبڕکێی گۆرانی یۆرۆڤیژن

– لە ٦٢ەمین پێشبڕکێی گۆرانی یۆرۆڤیژن کە ئەمساڵ لە کیڤی پایتەختی ئۆکراینا بەڕێوەچوو، ساڵڤادۆر سۆبراڵ کە نوێنەرایەتی پورتوگالی دەکرد بە گۆرانی "Amar Pelos Dois" بوو بە براوەی یەکەمی پێشبڕکێکە.

لە ٦٢ەمین پێشبڕکێی گۆرانی یۆرۆڤیژن کە ئەمساڵ لە کیێڤی پایتەختی ئۆکراینا بەڕێوەچوو، ساڵڤادۆر سۆبراڵ کە نوێنەرایەتی پورتوگالی دەکرد بە گۆرانی "Amar Pelos Dois"بوو بە براوەی یەکەمی پێشبڕکێکە.لە ناوەندی پێشانگای نێودەوڵەتی و بە بەشداری نوێنەرانی ٢٦ وڵات کۆتایی پێشبڕکێکە بە دروشمی "پیرۆزباییکردنی جیاوازییەکان" بەڕێوەچوو. ساڵڤادۆر سۆبراڵ بە گۆرانی "Amar Pelos Dois"توانی بە بەدەستهێنانی ٧٥٨ نمرە ببێتە براوەی یەکەم.

کریستیان کۆستۆڤ-یش کە نوێنەرایەتی بولگاریای دەکرد بە گوتنی گۆرانی "Beautiful Mess"توانی ٦١٥ نمرە بەدەست بهێنێت و ببێتە براوەی دووەم.

براوەی سێیەمی پێشبڕکێکەش سونتروسکی پرۆجێت بوو کە نوێنەرایەتی مۆڵدۆڤای دەکرد و بە گۆرانی "Hey Mamma" ٣٧٤ نمرەی بەدەستهێنا.لە پێشبڕکێکەدا، دیهاج کە نوێنەرایەتی ئازەربایجانی دەکرد بە گۆرانی "Skeletons" توانی ١٢٠ نمرە بەدەست بهێنێت و لە ریزی ١٤ی ریزبەندی براوەکاندا جێ بگرێت.لە پێشبڕکێکەی ٢٠٠٤دا، نوێنەری ئۆکراینا ، روسلانا براوەی یەکەم بوو و لە پێشبڕکێکەی ساڵی رابردووشدا، نوێنەری ئۆکراینا ، هونەرمەندی تەتەری، کەرەم جامالا براوەی یەکەمی پێشبڕکێکە بوو.